# خۆشەویستیو هاوسەری لەکۆمەڵی کوردی دا ...

**سەروەر کەریم**

sarwarkareem@gmail.com

کۆمەڵگای کوردی بەهۆی پەیوەست بونی رووحیانەی بە کەلتوری ئایینی و خێڵەکی و بەردەوام لەژێر کاریگەری ئەو دوو پێکهاتەیەدا بووە, بۆیە پەیوەندییە کۆمەلایەتی و سۆزدار یەکانیشی بەپێ ئەو کەلتورە ئەنجام داوە, بەمانایەکی تر ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لەکۆمەڵی کوردیدا, وەك کۆمەڵگاکانی تری هەڵگری ئایین و کەلتوری خێل مومارەسەکردنی گوناهو حەرام بووە, تاکی کوردی بەدرێژایی مێژووی خۆی نەیتوانیوە بەئازادانە مومارەسەی خۆشەویستی و ژیانی هاوسەری بکات و هەر تاکێك سەرپێچی فەرمانەکانی ئایین و خێڵی کردبێ دووچاری سزای توند بووە.

ڕوانینی پیاوی کورد بۆ مەسەلەی خۆشەویستی و ئازادی خۆشەویستی و هاوسەری هەمان روانینی ئایینی بوە کە ژنان ناتوانن خۆشەویستی بکەن وهاوسەری خۆیان بەخواستی خۆیان هەلبژێرن, بەڵکو ئەو پیاوە بڕیاری چارەنوسی هاوسەری دەدات بۆ نەوەکانی و دەبێت ڕازیش بن بەو چارەنوسە, ئەگەر لەڕووی لۆژیکیەوە لەژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لەلای کۆمەڵی کوردی بڕوانین, لەگەڵ ئەوەی خاوەنی کەمترین لێکۆڵینەوەی زانستین لەو بارەیەوە, بەلام لەڕوی پراکتیکیەوە هەموو ئەو ئاماژانە ئاشکرا دەبێت,کە چۆن پیاوی کوردی هەموو ڕێمانیەکانی ئاینی پیادە کردوە بەسەر تاکەکاندا سەپاندویەتی. لەسەردەمی دەوڵەتی مادەوە،کەزۆرێك لەسەرچاوە مێژووییەکان, بەدەوڵەتی کوردی دادەنێت, تاهاتنی ئیسلام و دوای ئەویش زەمەنی ئێستاش، بەرامبەر بەخۆشەویستی و هاوسەری هەمان ڕێچکەی پیاو سالاری ئایینی جێبەجێ کراوە لەسەر ژنان, لەگەڵ ئەوەی جیاوازیەکی ئەوتۆ نی یە لە ڕوانینی ئایینی زەردەشتی, کە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی ماد بووە, لەگەڵ ئایینەکانی تردا, چونکە هەموویان بەرگریان لە پیاو سالاری کردووە پیاویان بەگەورە سەرداری ژنان داناوە و پیاوا(باوك, برا, هتد...

بڕیار لەسەر چارەنوسی هاوسەری نەوەکانی دەدات, وەك لەم نموونەیەی ئایینی زەردەشتیدا هاتووە دەڵێت[1] (پاشا ژن: لەکاتێکدا کچ دەگاتە تەمەنی باڵق بوون بەموافەقەت وبەباش زانینی دایك و باوك لە کوڕێك مارە دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو کچێك, بۆیەکەم جار بەڕەزامەندی باب و دایکی دەبوو بەبووك(.ڕەنگە خوێنەر وا لەو نمونەیە تێبگات کەئایینی زەردەشتی باوەڕی بەمافی ژنان هەبووە, بۆیە دەبێت ڕەزامەندی دایك وەربگیرێ, بەلام خۆی لەبنەڕەتدا گرفتەکە لەوێدانیە, بەقەدەر ئەوەی ئەو کچە دوور لەئیرادەی خۆی بەشوو دەدرێ وهیچ حسابێك لەسەر هەست و ئارەزوەکانی ناکرێ, جگە لەوەش لەتەمەنی زۆربچوك دا ئەو بڕیارەی بەسەردا دەسەپێنرێت،کەتەمەنی بالق بوونەو, وەك عادەتیش پیاو گەورەی ماڵەو دەبێت ئەو بڕیاری یەکەم بدات ئینجا ژن, ڕەنگە ئەو پرس کردنە بەژن تەنها پرس بێت نەك بڕیار دان.

هەڵبەتە ئەو ڕەوتە باوك سالاری وپیاو مەزنیە, بەشێکی گەورەی کەلتوری ئاینییە بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ژنان, ئەوەش ڕێگری جدی بووە بۆ لەدایك بوونی خۆشەویستی ودروست کردنی ژیانی هاوسەری, لەسەر بنەمای خۆشەویستی و هەڵبژاردنی خۆشەویستی وهەڵبژاردنی ئازادانە. وەك ئاماژەم بۆ کرد ئایینەکان بەگشتی ڕێگری سەرەکی بوون بۆ دروست بوونی هەستی خۆشەویستی وبەرجەستە بوونی, چونکە ئایینەکان هەمویان بەزمانی پیاو قسە دەکەن ودەیانەوێت دەسەلاتی پیاو حوکم بکات, بەمانایەکی تر ئایینەکان هەموویان بۆخزمەتی پیاو دەسەلاتی پیاو بە وجود هاتوون وپیاوان بڕیاردەری یەکەمینن بۆ هەموو کارە دنیاییەکان, بە خۆشەویستی و ژیانی هاوسەریشەوە, ئەوەش دەقاو دەق لەکۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و جێبەجێ کراوە نەوە دوای نەوە پەیڕەو کرا وە, چونکە ئامۆژگاریەکانی ئایین بووەتە عەقلیەتی و لەسایکۆلۆژیەت و کەسێتی تاکی کوردیدا جێگیر بووە ژنانیش تائەو پەڕی ناچار کراون فەرمانەکانی ئایین ولەڕێگەی زمانی پیاوەوە جێبەجێ بکەن و ملکەچی بن.

لەبەر ئەوەی لەپانتایی ڕۆشنبیری ئێمەدا سەرچاوە گەلێکی ئەو تۆمان لەبەر دەستی دا نی یە،کەبەشێوەیەکی تایبەت قسەیان لەبارەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی و هاوسەری کردبێ،جگە لە نووسینی پچڕ پچڕی کورد ناس و ڕۆژهەڵات ناسەکان،کە ئەوانیش زیاتر پشتیان بەستوە بەو شتانەی کەبۆیان گێڕاونەتەوە,یاخود لە ڕووکەشدا بینویانە،کەئەمەش ناچێتە چوار چێوەی لێکۆڵینەوەوە. بۆیە کە لتوری ئێمە لەبواری قسەکردن, لەژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی و عەشق دا زۆرلاوازە.ئەمەش وای کردووە ئێمە پەنا بۆ سەر چاوەی دەرەوەی خۆمان بەرین و بزانین ئەوانەی دەرەوەی خۆمان چۆن قسەیان لەسەر کردووین, بۆ ئەوەی بتوانین شتێکی لێ هەڵ هێنجین, گەر چی قسەکردنەکانی ئەوانیش لە چوار چێوەی کەلتوری ئایینی و خێڵ و دەسەڵاتی باوکسالاری تەجاوزی نەکردوە و بگرە زیاتر خزمەتیان بەو کەلتورە کردووە, واتە کەلتوری ژێر دەستە کردنی ژن.ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت[2] (زۆر کەس لەو بڕوایەدان سەرچاوەی هەندێ لە کورد ناس و خۆر هەڵاتناس و ئەو گەڕیدە بیانیانەی هاتونەتە کوردستان و لەگەڵ مرۆڤی کوردا ژیاون، باشترین دەستپێکردنن لەو بارەیەوە،کەچی کاتێک بەوردی تەماشای بەشێکی زۆری ئەو دەقانە دەکەین،بۆمان دەردەکەوێ زیاتر لەوەی و یستویانە وەسفێکی پەیوەندییە سۆزگەراکان بکەن و بەو شێوەیە دایانبڕێژنەوە کەکۆمەڵگای کوردی ڕازی بکەن،ئەوەندە ڕەخنە گرانە قسەیان لە سەر نەکردوون).

لێرەوە ئەو ئاماژانە ئاشکرا دەبێت،کەئێمەی کورد ناتوانین هیچ شتێکی ئەو تۆ لە دەقی ڕۆژهەڵات ناس و گەڕیدەکان هەڵهێنجین,لەبارەی ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی یەوە،جگە لەو کەلتورە باوەی، کەدەسەڵاتی نێر سالاری چوار چێوەڕێژی کردووە،کەسەرچاوەکەی ئایین و خێڵە, بەڵام بەو پێیەی لەکەلتوری ئاین و خێڵ داخۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری گەورەترین تاوان بووەو سزاکەشی کوشتن بووە, دەتوانین سەرداوێک بەدەست بهێنین،کەپیاوی کۆمەڵگای کوردی هیچ جیاوازیەکی ئەو تۆی نەبووە,لەپیاوی کۆمەڵگاکانی تری خاوەن هەمان ڕوانین, سەبارەت بەژیانی هاوسەری و ئازادی خۆشەویستی،ڕەنگە تاک و تەرایەک لەخۆر هەڵات ناسەکان بەواقیعی قسەیان لەسەر ژیانی خۆشەویستی و هاوسەری کردبێت و ئاماژەیان بەو توندو تیژی و سزا دانەبێت،کەبەرامبەر بەژنانی کورد کراوە لەسەر خۆشەویستی..هێنی هارڵد هانسنی[3] (جەخت لەسەر باری خراپی ژیانی ئافرەتی کوردو پەیوەندیە عاتیفەکان دەکاتەوە)..

ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی, لەکۆمەڵگای کوردی دا بەوشێوەیە گوزەری کردوەو بەشی ژنانیش توندو تیژی و ئازار بووە لە دەست ئەو کەلتورەو ئەو ڕەوتە, بەهەمووئازارەکانیەوەو درێژەی کێشاوە, دەتوانین بڵێین تائێستاش کەدنیا یەک گۆڕانکاری گەورە, لەژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و پەیوەندیە کانیدا ڕووی داوە، بەڵام لەکۆمەڵگای کوردی دا مەسەلەی کوشتن لەسەر خۆشەویستی، لەسەدەی بیست ویەک دا بوونی ماوەو جێ بەحێ دەکرێ و ئێستاش ڕەخنە گرتن لەسەر ئایین و کەلتوری خێڵەکی بۆ ڕۆشنبیرو نوسەری کورد زۆر زەحمەت بێت.

گرفتی سەرەکی بەردەم لێکۆڵینەوە لە چەمکی خۆشەویستی،بۆ ئێمەی ڕۆشنبیری کورد ئەوە بووە, کەنەمانتوانیوە خۆمان لەسنورەکانی حەرام بدەین و بیبەزێنین, ئەوکەشەش بەدرێژایی مێژوو، ئەگەر نەڵێن تائێستا بەسەر ماندا زاڵ بووە،بۆیە ئێمە نەمانتوانیوە قسەی جدی لەسەر پەیوەندی و خۆشەویستی بکەین و ئەو سنورە حەرامکراوانەی بەدەوری ئەو چەمکەدا کێشراوە ببەزێنین و هەوڵی خوێندەوەیەکی واقیعانەی ژیانی سۆزداری و خۆشەویستی بدەین و ڕێگریەکان دیاری بکەین، کەسەرچاوەی سەرەکین بۆ ژیانی هەستەوەری و خۆشەویستی لەوێشەوە بزانین ژیانی هەستەوەری وخۆشەویستی لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەچی ئاستێک دایە؟.


سەرچاوەکان :

1- مێژووی ئاینی زەردەشتی –ن- عەبدوڵڵا موبلغی –و- وریا قانع لا 170.

2- لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی –ن- ڕێبوار سیوەیلی چاپی 2004 – لا 136.

3- لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی –ن- ڕێبوار سیوەیلی چاپی 2004 – لا137

Dengekan